هەرکەسێک باوەڕبوونی بە شومیەتی وای لێبکات کارێک نەکات کە بڕیاری لە سەر دابوو پێشتر؛ ئەوا ئەم کەسە شیرکی ئەنجام داوە، ووتیان: ئەی کەفارەتی ئەم کردەوەیە چییە؟ فەرمووی: بڵێیت: (اللهم لا خير إلا خيرك، ولا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ ولا إله غيرك)

عبدالله کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک باوەڕبوونی بە شومیەتی وای لێبکات کارێک نەکات کە بڕیاری لە سەر دابوو پێشتر؛ ئەوا ئەم کەسە شیرکی ئەنجام داوە،». ووتیان: ئەی کەفارەتی ئەم کردەوەیە چییە؟ فەرمووی: بڵێت: «اللهم لا خير إلا خيرك، ولا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ ولا إله غيرك».واتە: «خودایە هیچ خێرێک نییە جگە لەو خێرەی لە لایەن تۆوە دێت، وهیچ شومیەک نییە جگە لەوەی لە لایەن تۆوە دێت، وهیچ خودایەک شایەنی پەرستن نییە جگە لە تۆ».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەمان پێدەدات لەم فەرموودەیەدا هەرکەسێک باوەڕبوونی بە شومیەتی وای لێبکات کە کردەوەیەک ئەنجام نەدات کە بڕیاری لەسەردابوو؛ ئەوا ئەم کەسە جۆرێک لە جۆرەکانی شیرکی ئەنجامداوە وکاتێک هاوەڵان پرسیاریان لێیکرد ئایا کەفارەتی ئەم تاوانە گەورە چییە، ئەویش ئەم وتە جوانانەی فەرموو، کە مانای ئەوە دەبەخشن کە پێویستە هەموو کارێک سپاردە بکەیت بە خودا وسەلماندنی بێ توانایی کەس وشتەکانی تر. (شومی یان شومیەتی واتە: باوەڕبوون شتێک دەبێتە هۆی ڕووداوێکی خراپ یان ڕووداوێکی خۆش؛ ئەمیش بە بێ بوونی هۆکارێکی دیار بۆ ڕووداندنیان)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3416